## له ئەرشیفی
## سەرەتای
## لاوێتیمەوە

# شیعرێکی لیریکی

باران لەتیف هەڵمەت

دراوسێ بووین ..... دراوسێ بووین ..... دراوسێ

هەموو شەوێ من و تۆ و ماچ دەبووین بە سێ

کاتێ باران دەباری ..... لە جێی پشکۆ

خۆم دەدایيە بەر ئاگری مەمکۆڵەی تۆ

کاتێ بەهار گوڵی بە باخچە دەبەخشی

ئێمە بە ماچ ئاوێنەکانمان دەنەخشی

کاتێ پایز دەکەوتە گەڵاڕێزان

ئێمە ماچمان بەسەریەکدا دەباران

کاتێ هاوین ئاسمانی دەکرد بە ئاگر

ئێمە ماچمان بۆ یەکدی دەکرد بە چەتر

دراوسێ بووین ..... دراوسێ بووین ..... دراوسێ

لەبیرت دێ ..... لەبیرت دێ ..... لە بیرت دێ

هەموو شەوێ ..... من و تۆ و ماچ دەبووین بە سێ

دراوسێ بووین ..... دراوسێ بووین ..... دراوسێ

